حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# پەروەردەی ئیسلامی

## قۆناغی بنەڕەتی

## پۆلی دووەم

**ئامادەکردنی**

محسن جمال احمد        عبد الجبار محمد شريف
خواجه طه شاهين        عبد الله عبد الرحمن عبد الله

**وەرگێڕانی  لە زمانی عەرەبییەوە**

صادق عثمان عارف        عبد الله عبد الرحمن عبد الله

**پێداچوونەوەی زانستی**

د. بشير خليل توفيق        ابوبكر علي كارواني

**پێداچوونەوەی زمانەوانی**

صادق احمد عثمان

سەرپەرشتیی زانستی:

**كريم حسن علي**

نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە:

**رەوەند سعيد صابر**

سەرپەرشتیی چاپ:

**خالد سليم محمود**

فۆتۆ:

**شيرزاد رسول فقي**

جێبەجێکردنی بژاری هونەری :

**نێرگز نورالدين كاكە مصطفى**

چاپی حەوتەم

١٤٤٣ كۆچی - ٢٠٢٢ زایینی - ٢٧٢٢ كوردی

## بەناوی خودای دەهەند و دلۆڤان

### پێشەکی:

سوپاس بۆ خودای خاوەن هەمو شتێك، درود و سڵاو لە گەورەی نێردراوان محەمەد ( د.خ ) و لە کەسوکار و یارە باشەکانی و ئەوانەی دوای کەوتون تا ڕۆژی پەسڵان.

وەزارەتی پەروەوەردە لە هەرێمی کوردستان دەرفەتێکی باشی ڕەخساند بۆ خزمەتکردنی ڕۆڵە سەربەرزەکانی بە دانانی کتێبی پەروەردەی ئیسلامی بۆ قۆناغی بنەڕەتی. لێژنەکە بە باشی زانی کۆمەڵێك دەقی قۆرئان و فەرمودەی پیرۆزی پێغەمبەر ( د.خ )و هەندێك پەرستشی تیدابێت و ئەم بابەتانە بەگوێرەی فەرمودەکانی پێغەمبەر ( د.خ ) پێشکەشکراون و لە ڕاڤەی فەرمودە و دەقەکاندا ڕەچاوی ڕونی و بەردەستخستنی شوێنەکانی مەزنیمان کردوە و بەستنەوەی ئەم ڕێنماییە بەرزانە بەژیانی ڕاستەقینەی ڕۆژانەمان .

ئەمەش ئەرکمانە بەرانبەر نەوەکانمان. بەڵام مامۆستا بەرێزەکان ئەرکی خۆیان باشتر دەزانن و شوێنی بەرپرسییان داکۆکی زیاتر دەکەن و ئەوان بروایان بەوەیە کە دەبێنەوە بەشێوەیەکی بابەتی و زانستییانەی دور لە دەرچون بۆ بابەتی تر و زێدەڕۆیی، ئەو پشت دەبەستێت بە ڕێگەی گفتوگۆ و چالاکی ئاسانی گونجاو لەگەڵ ژیانی قوتابییانی هزری و دەرونی و شوێنەوارییەوە .

هەروەها پێویستە توند وتیژی بەکارنەهێنێت بەهەمو جۆرەکانییەوە بەرانبەر قوتابییان، چونکە قوتابی لەم قۆناغەدا بونەوەرێکی هەست ناسکە و ئامانجمان ئەوەیە، کە بەشەکانی ئەم کتێبە تێبگات بە شێوەیەکی باش و هەست بە بوونی و فێرکردن و گفتوگۆی بونیادنەر بکات و ببێتە ئەندامێکی کارا و بەسود بۆ خۆی و نیشتمانەکەی و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی و جیهانی ئیسلامی بەشێوەیەکی تایبەتی.

سوپاسی هەر تێبینیەکی بەنرخ یا بیرۆکەیەکی بنیادنەر دەکەین کە لە پسپۆر و پەیوەندیدارە بەرێزەکانەوە بە دەستمان بگات، تا سودی لێوەرگرین لە چاپەکانی داهاتووی ئەم بەرنامەیەدا.

**خودا پەناگەی سەرکەوتنە...**

**لێژنەی دانان**

# الله

**مامۆستای بەڕێز ...**

هیچ کام لەم ئایەت و فەرمودانەی ناو ئەم کتێبە بۆ لەبەرکردن نین.

# وانەی یەکەم
# سڵاوکردن



دانا لەگەڵ (بەختیار) ی برا گەورەی چوونە فرۆشگایەکی نزیك ماڵەکەیان بۆ کڕینی چەند پێداویستییەك.

کاتێك گەیشتن بەختیار بەمجۆرە سڵاوی لە خاوەن فرۆشگاکە کرد: السلام علیکم. واتا (سڵاوی خوداتان لێبێت). خاوەن فرۆشگاکە: و علیکم السلام و رحمە اللە و برکاتە. واتە (سڵاو وبەزەیی ومیهرەبانی خودا لە ئێوەش).

بەختیار داوای لە دانا کرد تەوقە لەگەڵ پیاوەکە بکات، بۆیە دانا دەستی درێژکرد و تەوقەیان کرد.

لە گەڕانەوەدا بەختیار گرنگی سڵاوکردن و وەڵامدانەوەی ئاینی ئیسلامی بۆ دانا ڕونکردەوە، وەك ئەرکێك بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی لەنێوان مرۆڤەکان ئاماژەی پێکراوە و ڕونیشی کردەوە، کە سڵاوکردن لە کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، دەبێتە مایەی چاکە و خۆشگوزەرانی و بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی لەنێوان ئەندامانی خێزان.

**هەروەها بەختیار گوتی:** ئەم ئەركە (سڵاوكردن) ڕێسای خۆی هەیە، بۆ نمونە:
- بچوك دەستپێشخەری سڵاوكردن دەبێت لە گەورە.
- سوار دەستپێشخەری سڵاوكردن دەبێت لە پیادە.
- وەستاو دەستپێشخەری سڵاوكردن دەبێت لە دانیشتو.
- تاكیش دەستپێشخەری سڵاوكردن دەبێت لە كۆمەڵ.

لە ئیسلامدا سڵاوكردن سونەتە، بەڵام وەڵامدانەوەی ئەرك و پێویستە. پێغەمبەرمان محەمەد (د.خ) لە فەرمودەیەكی پیرۆزدا ئەم ڕێسایانەی ڕونكردۆتەوە، كە تیایدا هاتووە: (( يُسلّم الراكب على الماشي، والماشي على القاعد، والقليل على الكثير)).

گفتوگۆ:
- لە ئیسلامدا سڵاوكردن چۆنە؟
-سڵاودانەوە چۆنە؟
- ئایا سڵاودانەوە ئەركە یان نا؟
- ڕێساكانی سڵاوكردن چین؟

**چالاكی:**

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە دەستەواژەی گونجاو پڕبكەوە:

لە ڕێساكانی سڵاوكردندا هاتووە كە: ...... دەستپێشخەری سڵاوكردن دەبێت لە ......، و سوار ... ... دەبێت لە ......، ...... دەستپێشخەری سڵاوكردن دەبێت لە .......،و تاكیش .... ..... دەبێت لە ......



# وانەی دووەم
# پاراستنی موڵکی گشتی



دوای ئەوەی مامۆستای پەروەردەی ئیسلامی چوو بۆ پۆل، وانەی رۆژ کە دەربارەی موڵکی گشتی و پاراستنی بوو، سەرەتا ئەم پرسیارەی ئاراستەی قوتابییان کرد:

قوتابییانی ئازیز مەبەست لە موڵکی گشتی چییە؟

**سونگوڵ گوتی:** فەرمانگاکانی میری، کەلوپەلی شوێنە گشتییەکان و باخە گشتییەکان دەگرێتەوە.

**مامۆستا:** ئافەرین سونگوڵ، کێ شتێکی ترمان پێ دەڵێت؟

**هانا:** هەمو ئەو دەزگا خزمەتگوزارییانەش دەگرێتەوە، کە سودیان بۆ هاوڵاتییان هەیە و میری سەرپەرشتییان دەکات.

**مامۆستا:** ئەی باشە، کێن ئەوانەی میری و دەسەڵات پێکدێنن؟

ئارام: وەزیرەکان و کارمەندانی تری دەوڵەت.

**مامۆستا:** ئایا ئەو شتانەی لەسەرەوە باسکران تەنها موڵکی ئەوانن، یان هی گەلن؟
**سارا:** هی گەلن، چونکە هەمو کەسێك لێیان سودمەندە دەبێت.
**مامۆستا:** دەستخۆش، ڕاستە چونکە موڵکی گەلە و لە خزمەتی ڕۆڵەکانی گەلدایە.
**شوان:** مامۆستای بەڕێز، کەواتە هەمو کەرەستەکانی ناو قوتابخانەش بۆ هەموانە.
**مامۆستا:** بەڵێ کوڕم، میری هەمو ئەو کەرستە و دەزگا و باڵەخانە و باخچانەی بۆ خزمەتی هاوڵاتیان دەستەبەرکردوە، ئەرکی پاراستنیشیان لە ئەستۆی ئێوەدایە و کارێکە خودای گەورە لە بەجێهێنانیدا پاداشتتان دەداتەوە و زیان پێگەیاندنیان لە ئیسلام و گشت ئاینە ئاسمانییەکان تاوانە، چونکە زیان بە بەرژەوەندییەکانی تاك و کۆمەڵ دەگەێنێت.

**گفتوگۆ:**

- کاتێك پێکەوە دەچنە باخی گشتی، ئامۆژگاریت بۆ هاوڕێکانت چییە؟
- ناوی هەندێك لەو کەرستانە بژمێرە، کە بەشێکن لە موڵکی گشتی.
- سودی پاراستنی موڵکی گشتی چییە؟

**چالاکی:**

بخوێنەوە و بنوسە: پاکوخاوێنی قوتابخانەکەم و گشت کەرەستەکانی دەپارێزم.

**نزا:**

خودایە نیشتمانمان لە گشت کێشە و ناخۆشی و پەتایەك بپارێزە.

ئامانجی وانەکە:

قوتابییەکان فێری واتای موڵکی گشتی و گرنگی بۆ تاك و کۆمەڵ دەکرێن، و چۆن پێویستە بیپارێزن وەك ئەرکێکی ئاینی و نیشتمانی و مرۆڤایەتی.

# وانەی سێیەم

## گرنگی زانست و فێربوون



**مامۆستا:** ئایا کەسی خوێندەوار باشترە، یان کەسی نەخوێندەوار؟

**ئازاد:** کەسی خوێندەوار باشترە.

**مامۆستا:** ئێوە بۆچی هاتوون بۆ قوتابخانە؟

**شیرین:** بە مەبەستی پەروەردە و فێربوون.

**مامۆستا:** چی فێردەبن؟

**شۆڕش:** زمان و زانست و زانیاری و بیرکاری.

**مامۆستا:** بۆچی فێر دەبن؟

**یاغمور:** بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕین لە ژیاندا و وڵات و نیشتمان پێشبخەین.

**مامۆستا:** کێ ئایەتێکی قورئانمان دەربارەی گرنگی زانست، بۆ دەخوێنێتەوە؟

**دلشاد:** (**وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا**).

بەختیار: (**قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ**).

**مامۆستا:** کەواتە زانایان پلەیان لەلای خودا بەرزە. ئەی کێ فەرمودەیەکی پێغەمبەرمان (د.خ) بۆ دەڵێت، کە هانمان دەدات بۆ بەدەستهێنانی زانست.

سالار: پێغەمبەر ( د.خ ) فەرمویەتی:( **طلبُ العِلمِ فريضةٌ على كلِّ مُسلِمٍ ومُسْلِمَةٍ** ).

واتە: هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانست، ئەرکی سەرشانی هەمو موسڵمانانە بە نێر و مێیانەوە.

هەروەها فەرمویەتی:

**(( مَنْ سَلَكَ طريقًا يلتمِسُ فيهِ عِلمًا, سَهَّلَ الله له طريقًا إلى الجنَّةِ )).**

**واتە:** هەر کەسێك ڕێگایەك بگرێت بۆ بەدەستهێنانی زانست، خودا ڕێگایەکی بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات.

**گفتوگۆ:**

١ - باسی هۆیەك لە هۆیەکانی بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری بکە.

٢ - ئارەزوی فێربوونی چیت هەیە؟

**ڕاهێنان:**

**ئـ - نیشانەی ( ✔ ) بەرامبەر دەستەواژەی ڕاست و نیشانەی ( ✘ ) بەرامبەر دەستەواژەی هەڵە دابنێ. هەڵەکانیش ڕاستبکەوە.**

١ - بەدەستهێنانی زانست، ئەرکی سەرشانی هەموو مرۆڤێکە.

٢ - پێغەمبەرمان (د.خ) ، موسڵمانانی هانداوە بۆ بەدەستهێنانی زانست.

٣ - نەزانی یەکێکە لە هۆکارەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگە.

٤ - ئەرکی حکومەتە هەلی چوونە قوتابخانە بۆ هەمو منداڵان دەستەبەر بکات.

**ب - ئەم وشانە بخە بۆشاییە گونجاوەکان:**

( زانست - ئەرکی - دایکێکی )

١ - ............. ڕێنیشاندەرمانە بۆ ئەوەی وڵات و نیشتمان پێش بخەین.

٢ - بەدەستهێنانی زانست، ............. سەرشانی هەمو مرۆڤێکە.

٣ -ئەو منداڵەی لە ............. خوێندەوار بێت، ژیر و زیرەك دەبێت.

**پ - سێجار ئەم ئایەتە پیرۆزە بنووسەوە:**

خودا دەفەرموێت: (( إقرأوربُّكَ الأكرمُ الَّذي علَّمَ بالقَلَمِ )).

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

**نزا:**

خودایە لە زانست بێبەش نەبم.

**ئامانجی وانەکە:**

گرنگی و بایەخی زانست و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی، لە هەمو کات و شوێنێکدا، بۆ قوتابییان ڕووندەکرێتەوە و چۆن زانایان بەهۆی زانستەکەیانەوە پلەیان بەرزە، هەروەها هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانست، ئەرکە لەسەر شانی مرۆڤ، چونکە بەدەستهێنانی زانست هۆی سەرکەوتن و پێشکەوتنی ژیارە.



# وانەی چوارەم
# پاکوخاوێنی



**مامۆستا:** قوتابییە ئازیزەکان، هەمومان دەزانین کە گشت پەیامە ئاسمانییەکان جەخت لە پاکوخاوێنی دەکەنەوە، و ئاینی ئێمەش گرنگی تایبەتی بە پاکی داوە، کێ لە ئێوە فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) لەو بارەیەوە دەزانێت؟

سەردار: پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێت:(( **تنظّفوا فإنَّ الإسلامَ نَظيفٌ** )).

واتە خۆتان خاوێن ڕابگرن، چونکە ئاینی ئیسلام خاوێنە.

**مامۆستا:** دەستخۆش، ئەی چۆن جەستەمان پاکژ ڕادەگرین؟

**هێرۆ:** بە شوشتنی دەستەکانمان بەر لە نانخواردن و دوای نانخواردن.

**شێرکۆ:** هەروەها ڕوخسار و لەشمان دەشۆین.

**یلدرم گوتی:** شوشتنی ددانەکانیش پێش خەوتن، بەشێکە لەو پاکوخاوێنییە.

**مامۆستا:** هەمو ئەوانەی گوتتان ڕاستن، دەستتان خۆش بێت، ئەی پاکڕاگرتنی شوێنەکانتان چۆن دەبێت؟

**شیلان:** پێویستە بایەخ بە پاکی جلوبەرگمان بدەین.

**مامۆستا:** وەك دەبینن قوتابییانی خۆشەویست ئەوە ماوەی چەند ساڵێکە نەخۆشی ( کۆرۆنا ) بڵاوبۆتەوە، کە نەخۆشییەکی ڤایرۆسی کوشندەیە و گرنگترین شێوازی خۆپارێزی لەم نەخۆشییە خۆ پاك ڕاگرتنە، بۆیە دەبێت هەمومان خۆمانی لێبپارێزین، بە دەست شوشتنی بەردەوام بە پاکژکەرەوە بۆ ماوەی زیاتر لە چل چرکە، دورکەوتنەوە لەیەکتر بە مەودای زیاتر لە دوو مەتر و بەستنی ماسك و نەچوونە شوێنی قەڵەباڵغ.

**مامۆستا:** جگە لە خاوێنی جەستە و کەلوپەل، شتێکی زۆر گرنگ هەیە دەبێت بەخاوێنی ڕایبگرین، ئەویش دەرونمانە.

بەڵێن: مامۆستا مەبەست لە خاوێنی دەرون چییە؟

مامۆستا: دەبێت دڵمان خاوێن بکەینەوە، لە هەمو جۆرە ڕق و کینەیەك و پریبکەین لە چاکەخوازی و خۆشەویستی بۆ مرۆڤ.

**ڕاهێنان:**

ئـ - ئەم بۆشاییانەی خوارەوە، بە دەستەواژەی گونجاو پڕبکەوە:

١ - پێش و ..................... خواردن، هەردوو دەستم .......................

٢ - شوشتنی ..................... پێش نووستن پێویستە.

٣ - ..................... فڕێنادەمە سەر ڕێگا و بان.

ب- ڕێنماییەکانی خۆ پاراستن لە ڤایرۆسی ( کۆرۆنا ) بژمێرە.

پ - ئەم ڕستەیە سێجار بنووسەوە:

جوانی لە خودای گەورەوەیە، و هەموو جوانییەکی خۆش دەوێت.

.......................................................................

.......................................................................

.......................................................................

**ت- چالاکی:**

بەهاوکاری یەکتری، مامۆستا و قوتابییان پێکەوە، هەڵمەتێك بۆ پاککردنەوەی گۆڕەپانی قوتابخانە بکەن.

**ئامانجی وانەکە:**

خاوێنی پرسێکی گرنگە لە پێگەیاندنی نەوەکان، چونکە لە گیروگرفتەکانی چارەسەرکردن دەیانپارێزێت، هەروەها ئەرکی سەرشانی کەسوکاریان کەم دەکاتەوە، بۆیە پێویستە لەم وانەیە هەنگاو بنێین بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی پیرۆز، ئەویش پێگەیاندنی نەوەیەکی هۆشیارە لەم بوارەدا، بە تایبەتی لەم سەردەمەدا کە خۆپاراستن لە نەخۆشییەکی ڤایرۆسی تازەی وەك (کۆرۆنا) کە بۆتە مایەی مەترسییەکی گەورە لە جیهاندا، زۆر پێویستە.

لە هەمو ئەمانەش گرنگتر بایەخدانی ئاینە پیرۆزەکەمان و گشت پەیامە ئاسمانییەکان بەم پرسە گرنگەی ژیان، لە هەردوو لایەنی مادی و مەعنەوییەوە، و چۆنییەتی خاوێن ڕاگرتنی دەرونیش پێویستە بۆ بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی و تەبایی لەنێوان مرۆڤەکاندا.

# وانەی پێنجەم

## چەند ئاکارێکی پێویست بۆ قوتابی ژیر



١ - بەزمان و بەدەست ئازاری خەڵك نەدات ، وەك پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێت: (( **المُسْلِمُ مَنْ سَلِمَ المُسلِمون مِنْ لِسانِهِ وَيَدِهِ** )). واتە: موسڵمان ئەو کەسەیە کە موسڵمانان  لە زیانپێگەیاندنی زوبان و دەستی سەلامەت بن.

٢ - گوێڕایەڵ بێت بۆ دایبابی و زویریان نەکات.

٣ - ئامۆژگارییەکانی مامۆستاکانی لە گوێ بگرێت، و پەیڕەویان بکات.

٤ - لەخۆوە دەستکاری کەرەستە و کەلوپەلەکانی قوتابخانە نەکات.

٥ - یارمەتی هەژاران و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بدات.

٦ - ئەرکەکانی سەرشانی بەدڵسۆزی جێبەجێبکات.

٧ -  ئامۆژگاری هاوڕێ و خزمانی هاوتەمەنی بکات، و ڕێی چاکەیان پێشانبدات.

**چالاکی:**

- پێویست قوتابییانی خۆشەویست پابەندی ئەم ئاکارانەی سەرەوە بن.

- هەندێك ئاکاری جوانی دیکە بژمێرە، کە دەبێت قوتابیی ژیر پەیڕەویان بکات.

**ئامانجی وانەکە:**

قوتابییان بەو ئاکارانەی دەبنە هۆی بەختەوەرییان لە ژیاندا ئاشنا بکرێن.

# وانەی شەشەم

## چیرۆکی سەوزەفرۆش و کوڕەکەی



جوامێر پیاوێکی گوندنشینە، سەوزەی لە جوتیارەکانی گوندەکەی دەکڕی و دەیبردە شار بۆ فرۆشتن. ڕۆژێکیان کوڕەکەی لەگەڵ بوو بۆ یارمەتیدانی، تێبینیکرد باوکی سەوزەی کۆن و نوێ تێکەڵدەکات، بۆیە پێی گوت: بابەگیان، ئەوە کارێکی حەرامە، واتە خودا قەدەغەی کردووە و سزات دەدات. باوکی گوتی: نامەوێت گوێم لەو وشانە بێت و ڕێنادەم دەست لە کاری من وەربدەیت.
کەسیش هەست بەو تێکەڵکردنە ناکات.
هانای کوڕی گوتی: باوە گیان، ئەی خودای بەئاگا نامان بینێت! بێگومان دەمانبینێت و چاودێرە بەسەرمانەوە، لەهەر جێیەك بین. ئەم وتەیەی هانا کاری لە باوکی کرد و پەشیمانبووەوە و داوای لێخۆشبوون و چاوپۆشی لە خودای میهرەبان کرد. پاشان سپاسی کوڕەکەی کرد بۆ ئاگادارکردنەوەی لەو هەڵەیە.

**چەند پەندێك لەم چیرۆکە:**

١ - فریـودان قەدەغـە و حەرامـە و زیـان بـە کەسـانی دیکـە دەگەیێنێـت و متمانـەی نێوانیـان ناهێڵێـت. پێغەمبـەری خـودا (د.خ) فەرمویەتـی: (**مَـنْ غَشَّـنَا فَلَيْـسَ مِنَّـا**). واتـە: ئـەوەی فریومـان بـدات لـە ئێمـە نییـە.

٢ - پێویسـتە ئامـۆژگاری کەسـانی تـر بکەیـن لـە فریـودان و فێڵکـردن دوربـن، چونکـە دەبێتـە هـۆی زیـان گەیانـدن بـە بەرژەوەنـدی کۆمـەڵ.

**گفتوگۆ:**

١ - مەبەست لە دەستەواژەی ( لە ئێمە نییە ) چییە؟

٢ - بۆچی ئیسلام فریودانی حەرامکردووە؟

**ڕاهێنان:**

نیشـانەی (✔) بەرامبـەر دەسـتەواژەی ڕاسـت و نیشـانەی (✘) بەرامبـەر دەسـتەواژەی هەڵـە دابنـێ. هەڵەکانیـش ڕاسـت بکـەوە.

١ - نابێت مرۆڤ ڕێبازی فریودان پەیڕەو بکات چونکە حەرامە.

٢ - پێویستە مرۆڤ پابەند بێت بەڕاستگۆیی لە گشت گوفتار و کرداریدا.

٣ - مرۆڤی دەستپاك خەڵك فریودەدات.

٤ - یەکێـك لـە شـێوازەکانی فریـودان (تێکەڵکردنـی شـتی خراپـە بەبـاش و فرۆشـتنی بەنرخـی باشـەکە).

**چالاکی:**

سێ جار ئەم فەرمودەیە بنوسەوە:

(( **مَنْ غَشَّنَا فَلَيْسَ مِنَّا** )).

..............................................................................

..............................................................................

..............................................................................

# وانەی حەوتەم
# وشەی جوان و باش



**مامۆستا:** قوتابییانی خۆشەویست، هەمومان پێغەمبەرمان (د.خ) خۆشدەوێت، چونکە ڕێنمایی کردوین بۆ هەمو کردەوەیەکی چاك و بەسود، کە خودا پێی ڕازی بێت. جا کام لە ئێوە سەبارەت بە ئاکار و وشەی جوان بۆمان دەدوێت.

**شنۆ:** ڕاستگۆیی ودورکەوتنەوە لە درۆ و قسە هێنان و بردن.

**شکۆ:** ڕێنوێنیکردنی مرۆڤەکان بۆ هاوکاری و خۆشەویستی یەکتری.

**ڕاز:** هاندانی قوتابییان بۆ کۆشش و هەوڵدان لە خوێندندا.

**شوان:** ئامۆژگاری هاورێکانت بکەیت تێکەڵ بەخراپەکاران نەبن.

**نەسرین:** قسەکردن لەگەڵ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، بە سۆز و میهرەبانییەوە.

**مامۆستا:** دەستانخۆش بێت، نمونەکان باشن و دەبنە هۆی خۆشەویستی کەسانی تر بۆمان، هەموو ئەو کردەوە باشانەی ناوتان هێنان دەبنە مایەی پاداشتی خودای میهرەبان بۆ خاوەنەکانیان. پێغەمبەری ئازیزمان ( د.خ ) فەرمویەتی:((**الكَلِمَةُ الطَّيِّبَةُ صَدَقَةٌ**)). واتە: وشەی باش و جوان خێری تێدایە بۆ خاوەنەکەی، و خودا بەچاکە بۆی دەنوسێت.

راهێنان:

ئـ - ئەم بۆشاییانە بە وشەی گونجاو پڕبکەوە:

١ - وشەی بەسود .......................... لەلای خودا دەنوسرێت.

٢ - چاکە تەنها بەماڵ و دارایی ناکرێت بەڵکو بە .......................... ش دەکرێت.

ب - لە کردەوە چاکەکان:

١ - ڕاستگۆیی و دورکەوتنەوە لە ..........................

٢ - ڕێنمایــکردنی خەڵــك بۆ ..........................

٣ - هانــدانــی قوتابییــان بــۆ..........................

٤ - ئاراستەکردنی هاوڕێیان بۆ..........................

چالاکی:

سێجار ئەم فەرمودەیە بنووسەوە:

((الكَلِمَةُ الطَّيِّبَةُ صَدَقَةٌ)).

..........................................

..........................................

..........................................

ئامانجی وانەکە:

قوتابییــان ئاشــنا دەکرێــن، بــەو کارە چاکانــەی مــرۆڤ دەتوانێــت ڕەزامەنــدی خودایــان پــێ بەدەســت بێنێــت، تەنانــەت ئەگــەر ئــەو کارە، تەنهــا وشــەیەکی جــوان و باشــیش بێــت.



# وانەی هەشتەم

# کردەوەی چاك



لێبوردەیی و ڕێزلێنان لە بەها پیرۆزەکانی پەیامە ئاسمانییەکانن، بۆیە هەمیشە ئاینی ئیسلام هاندەرمانە بۆ کاری چاکە لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵ و تەواوی مرۆڤایەتی، خودای پەروەردگار فەرمویەتی:(( وَافْعَلُوا الْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ))(الحج ٧٧). کەواتە کاری چاك بکەن بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکانی خێزان بەتایبەتی و کۆمەڵیش بەگشتی.

بەم وشانە سیروان ئامۆژگاری ئاراستەی منداڵەکانی کرد، پاشان لێی پرسین: خۆشەویستانم بێگومان ڕۆژانە زۆر کاری چاکەتان بەرچاو دەکەوێت کەسانێك دەیکەن، کام لە ئێوە ئاماژە بە دیمەنێك دەکات جێی سەرسوڕمانی بووبێت؟

دڵشاد: باوکە، ئەم بەیانییە لاوێکم بینی، دەستی نابینایەکی گرتبو تا لە شەقامەکە بیپەڕێنێتەوە.

شیلان: منیش قوتابییەکم بینی لەناو ئۆتۆمبێلی گواستنەوەدا جێی خۆی دایە پیاوێکی بەتەمەن تا دانیشێت.

کاروانیش گوتی: سالاری هاوڕێم ئەمڕۆ بەردەکانی سەر ڕێی قوتابخانەی لادەدا.

باوکیان گوتی: خودا تەمەنتان درێژبکات، ئەوانەی ئاماژەتان پێکردن، هەندێکن لە کردەوە چاکەکان، کە ئاینی ئیسلام بانگەشەیان بۆ دەکات، تا پلەو پاداشتی خاوەنیان بەرز ببێتەوە، پێغەمبەریشمان موحەمەد (د.خ) دەفەرموێت:(( **كُلُّ مَعروفٍ صَدَقَةٌ** )). واتە: هەموو چاکەیەك خێر و پاداشتی هەیە.

ڕاهێنان:

ئەم بۆشاییانە بە وشەی گونجاو پڕبکەوە:

- ...................... و ڕێزلێنان لە بەها پیرۆزەکانی ئاینی ئیسلامن.

- ئاینی ئیسلام هاندەرمانە بۆ کاری چاکە لەگەڵ ...................... کۆمەڵ و تەواوی ......................

چالاکی:

ئـ - هەندێك کردەوەی چاك بژمێرە.

ب - هێڵێك لەنێوان دەستەواژە و وشە گونجاوەکەی بەرامبەری بکێشە:

| | |
|---|---|
| ١ - ڕاستگۆیی کردەوەی | خراپە |
| ٢ - درۆکردن کردەوەی | چاکە |
| ٣ - گوێڕایەڵی دایباب کارێکی | خراپە |
| ٤ - فریودان کارێکی | چاکە |
| ٥ - بەهاناچونی هەژار | چاکە |



# وانەی نۆیەم

## شاناز و خوشکە زیرەکەی

سازان و شانازی خوشکی لە ناندینەکە قاپیان دەشوشت، بۆ یارمەتیدانی دایکیان، شاناز لە سازانی **پرسی:** ئەمڕۆ لە قوتابخانە چیت کرد؟

سازان وەڵامی دایەوە و گوتی: ئەمڕۆ لەوانەی پەروەردەی ئیسلامی سورەتی ( **الناس**)مان خوێند، مامۆستاش داوای لێکردین ئەم سورەتە لەوانەکەدا لەبەربکەین، منیش زۆر بەپەلە توانیم لەبەریبکەم و هەستام لە پێش قوتابییانی پۆلدا لەبەر گوتمەوە، مامۆستا زۆر سەرسام بوو بەو خێراییەی من لە لەبەرکردندا، بۆیە داوایکرد  قوتابییەکان چەپڵەم بۆ لێبدەن.

**شاناز گوتی:** دەستخۆش خوشکم، ئەوەی تۆ کردوتە نیشانەی دڵسۆزییە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی قوتابخانە، ئەمەش شتێکی دڵخۆشکەرە.

**کاتێک هەردوو خوشك کارەکانیان تەواو کرد، دایکیان سوپاسی هاوکاریکردنی کردن.**

**پرس:**

١ - ئایا هاوکاریی کەسی خۆت دەکەیت لە کارەکانیماڵەوە؟

وەك چۆن شاناز و خوشکەکەی یارمەتیی دایکیان دەدا.

٢ - ئەرکەکانی قوتابخانە بەدڵسۆزی جێبەجێ دەکەیت، وەك سازان؟

**نزا: بخوێنەوە و پاشان بینوسەوە:**

هەمیشە داوا لە خودای گەورە دەکەین، بمانپارێزێت لە هەمو ناخۆشییەك.

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

# سورەتی (النّاس)

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ (١) مَلِكِ النَّاسِ (٢) إِلَهِ النَّاسِ (٣) مِنْ شَرِّ الْوَسْوَاسِ الْخَنَّاسِ (٤) الَّذِي
يُوَسْوِسُ فِي صُدُورِ النَّاسِ (٥) مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ (٦)

**ڕاڤە:**

بڵێ پەنا دەگرم بە پەروەردگاری خەڵکی و پادشای خەڵکی، خودای خەڵکی، بۆ ئەوەی بمپارێزێت لە شەڕ و خراپەی ئەوەی کە وەسوەسە و خەتەرە و خەیاڵ دەخاتە دڵەوە، کە (خەناسە) ئەوەی وەسوەسە فڕێ دەداتە سینە و دڵ و دەرونی خەڵکییەوە، لە پەری و خەڵکی (لە جنۆکە و مرۆڤ، ئەوانەی شەیتان سیفەتن).

**چالاکی:**

سورەتی (الناس) لەبەر بکە.

**ئامانجی وانەکە:**

قوتابییان هانبدرێن بۆ هاوکاری لەگەڵ کەس و کاریان لەماڵەوە و ئەرکەکانی قوتابخانە بەدڵسۆزی جێبەجێبکەن.

# وانەی دەیەم
# چیرۆکی بانگدان



لەسەرەتای هاتنی ئاینی ئیسلامدا، موسڵمانان بۆ نوێژکردن لە چەند کاتێکی دیارکراودا بەبێ بانگکردن کۆدەبوونەوە، بەڵام کە ژمارەیان زۆر بوو، پێغەمبەر (د.خ) بیری لەشێوازێك کردەوە بۆ بانگکردنی خەڵك بۆ نوێژ، هەندێك لە موسڵمانان پێشنیازیان کرد ئاڵایەك هەڵبدات لە کاتی نوێژکردندا کاتێك موسڵمانان بینییان بۆ نوێژکردن بێن، بەڵام پێغەمبەر(د.خ) ڕازی نەبوو، هەندێکیان گوتیان: با بۆ بانگکردن بۆ نوێژکردن شەیپور بەکاربێنین، بەوێنەی پەیڕەوکارانی ئاینی جو، بەڵام پێغەمبەر (د.خ) بەمەش ڕازیبوو.

هەندێکی دیکە گوتیان: با بۆ بانگکردن بۆ نوێژ زەنگ لێ بدەین، وەك کریستیانەکان، تا موسڵمانان بزانن کاتی نوێژە. بەڵام پێغەمبەر(د.خ) بەمەش ڕازی نەبوو، چونکە نەیدەویست لاسایی کەس بکەنەوە.

عەبدوڵڵای کوڕی زەید(د.خ) کە یەکێك بوو لە هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ) لەوێ ئامادەبوو، کە گوێی لەم قسانە بوو گەڕایەوە ماڵی خۆی، لەوێ تا خەوی لێکەوت بیری لە چارەسەرکردنی ئەم پرسە دەکردەوە.

کاتێك لەخەودا بوو، خودا وشەکانی بانگی خستە دڵی، ئەویش هەر لەخەو هەستا و چوو بۆ خزمەتی پێغەمبەر (د.خ) و خەونەکەی بۆ گێڕایەوە.

پێغەمبەر (د.خ)داوای لێکرد ئەو وشانە بۆ بیلال (ڕ.خ) بڵێت و فێری بکات، بۆ ئەوەی بانگ بدات، عەبدوڵڵا داواکەی جێبەجێکرد، و بیلال (ڕ.خ) بەم شێوەیە یەکەم بانگی دا:



الله أكبر الله أكبر      الله أكبر الله أكبر
أشهد أن لا إله إلا الله      أشهد أن لا إله إلا الله
أشهد أن محمدًا رسولُ الله      أشهد أن محمدًا رسولُ الله
حيّ على الصلاة      حيّ على الصلاة
حيّ على الفلاح      حيّ على الفلاح
الله أكبر      الله أكبر

لا اله الا الله

گفتوگۆ:

- بۆچی موسڵمانان بیریان لە شێوازێك دەکردەوە بۆ ئەوەی لەکاتی نوێژدا کۆیان بکاتەوە؟
- بۆچی پێغەمبەر (د.خ) بە پێشنیازی هاوەڵەکانی ڕازی نەبوو؟

پرس:

- ئەو هاوەڵەی پێغەمبەر (د.خ) کە خەونێکی بینی و بەهۆی ئەوەوە فێری بانگدان بوون، کێ بوو؟
- ئەو هاوەڵە کێ بوو کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئیسلامدا بانگی دا؟
- لە ڕۆژێکدا چەند جار بانگ دەدرێت؟



# وانەی یازدەیەم

## دەستنوێژ

ڕۆژانە باوکی دانا چەند جارێك دەست و ڕوخسار و باسك و پێیەكانی دەشوشت، بەم كارە سەرنجی دانای ڕادەكێشا، بۆیە ڕۆژێك لە باوكی پرسی: مەبەستت لەو كارە چییە؟ ئەویش دوای تەواوبوونی ئاوەكەی گرتەوە و گوتی: نەدەبوو لەو كاتەدا وەڵامت بدەمەوە، چونكە دەستنوێژم دەشوشت، بەنیازی نوێژكردن و لەو كاتەدا قسەكردن پەسەند نییە.

دانا پرسی: بابە گیان دەستنوێژ چییە؟ چۆن دەبێت؟

باوكی گوتی: كوڕم دەستنوێژ لە مەرجەكانی نوێژكردنە و پێویستی بە نییەتە، و بەم شێوەیە دەبێت:

**دوای گوتنی:**

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

**( بەناوی خودای دەهەند و دلۆڤان )**

**سەرەتا دەستەكانمان جوان بە ئاو دەشۆین.**



**پاشان سێ جار ئاو لە دەممان وەردەدەین.**





دوای ئەوە سێ جار ئاو لە لوتمان وەردەدەین.



پاشان سێ جار ڕوخسارمان لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەشۆین.



ئینجا سێ جار ئاو بەباسکی ڕاستدا، تا دەگاتە سەر پەنجەکانمان دەکەین.



دواتر بەهەمان شێوە ئاو بە باسکی چەپیشدا دەکەین.



پاشان دەستی تەڕ بەسەرماندا دەهێنین.



و دوایی هەردوو گوێ خاوێن دەکەینەوە.



دواجار پێی ڕاست تا قولەپێ (پاژنە) و پاشان پێی چەپ دەشۆین.

**دانا:** باوکە مەرجە کاتی نوێژکردن دەستنوێژمان هەبێت؟

**باوکی دانا:** بەڵێ، دەستنوێژ مەرجێکە لە مەرجەکانی نوێژکردن، و دەبێت خۆمان پاك بکەینەوە، چونکە ئاینەکەمان داوامان لێدەکات خۆمان خاوێن ڕابگرین، خودای گەورە لە قورئاندا فەرمویەتی: (( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ...)) **(المائدة٦)**. ئەوەش لە بیر نەکەی کوڕم دەبێت ئەم کارە بەدەنگێکی نزم و ئارام بێت، نەوەك نوستویەك لە خەو ڕاچەنێنین، یان نوێژکەرێك بێزاربکەین.

**سود: کاتێك دەچم بۆ مزگەوت:**

١ - پێش هاتنی کاتی نوێژکردن لە ماڵەوە دەستنوێژ دەشۆم، دواتر دەچم بۆ مزگەوت.

٢ - هێدی و بەهەنگاوی لەسەرەخۆ دەڕۆم.

٣ - هەوڵدەدەم بڕۆمە ڕیزی پێشەوە، ئەگەر جێ هەبوو و کەسانی لە من بەتەمنتر لە دواوە نەبوون.

**ڕاهێنان:**

**نیشانەی ( ✔ ) بەرامبەر دەستەواژەی ڕاست و نیشانەی ( ✘ ) بەرامبەر دەستەواژەی هەڵە دابنێ. هەڵەکانیش ڕاستبکەوە.**

١ - دەستنوێژ مەرج نییە بۆ نوێژکردن. ( )

٢ - بەپێی ڕاست هەنگاو دەنێم بۆ ناو مزگەوت. ( )

٣ - دەبێت پۆشاکم خاوێن بێت کاتی نوێژکردن. ( )

٤ - کە دەستنوێژ دەشۆم سەرەتا پێیەکانم دەشۆم. ( )

**چالاکی:**

بە هاوکاریی مامۆستا، قوتابییان بەکردەکی دەستنوێژ دەشۆن.

# وانەی دوازدەیەم

## کردەوەکانی پەیوەست بەنوێژ





زانا و باوکی چوون بۆ مزگەوت نوێژ بکەن، هەر کە چوونە ژورەوە، زانا لە باوکی پرسی: باوکە ئێستا چی دەکەین؟ باوکی گوتی: کورم، ئێستا نوێژ دەکەین. کە زانا و باوکی نوێژی نیوەڕۆیان کرد و گەڕانەوە ماڵەوە، ( نسا) ی خوشکی لێی پرسی: تۆ و باوکم لە کوێ بوون؟

**زانا:** لە مزگەوت بووین، نوێژمان دەکرد.

**نسا:** براکەم دەکرێت فێری نوێژم بکەیت ؟

**زانا:** بێگومان خوشکەکەم، چونکە نوێژ ئەرکی سەر شانی هەموو موسڵمانێکە، پاش ئەوەی تەمەنی دەبێتە حەوت ساڵ، نوێژیش بەم جۆرەیە:

لە شوێنی خاوێندا ڕو دەکەیتە ( **کەعبە**) کە دەکەوێتە شاری مەککە و ڕوگەی موسڵمانانە، ئینجا نییەتی ئەو نوێژە دێنیت کە مەبەستە بیکەیت و دەڵێت **(الله أكبر)** ئیتر بێ ئەملاو لاکردن، دەستی ڕاست لەسەر پشتی دەستی چەپ دادەنێت و سورەتی **(الفاتحة)** و پاشان سورەتێکی دیکەی کورت دەخوێنیت.



دوای ئەوە بە گوتنی (الله أكبر) دەچیتە کڕنوش بردن (ركوع)کە بریتییە لەوەی هەردوو لەپی دەست بخەیتە سەر هەردوو ئەژنۆت و سێجار بڵێت:
(سبحانَ ربِّيَ العَظيمِ وبحمده).



ئینجا ڕاستبونەوە و گوتنی:
(سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَه، ربنالك الحمد).



پاشان بەگوتنی (الله أكبر) کڕنوش بۆ سەر زەوی دەبەیت و بە گوتنی (سبحانَ ربِّيَ الأَعلى وبحمده)سێ جار، ئینجا هەڵسانەوە لە کڕنۆش، بەگوتنی (الله أكبر) و دوبارە چوونەوە کڕنۆش بەگوتنی (الله أكبر).

دوای لـه کڕنـۆش هەسـتانەوە بـە گوتنـی (اللهأکـبر) و دەسـتکردنەوە بـە خوێندنـەوەی سـورەتی (**الفاتحـة**)، و ڕکاتـی دووەم بەهەمـان شـێوەی ڕکاتـی یەکـەم بەجێدەهێنیـت، و لـە دانیشـتنی ڕکاتـی دووەم سـڵاو نـاردن (**التحیـات**) بـەم شـێوەیە دەخوێنیـت:

التحیـاتُ المبـارکاتُ والصلـواتُ الطیبـاتُ لله, السَـلامُ عَلیـكَ أیُّهـا النَّبـي ورحمـةُ الله وبَرَكاتـه, السَـلامُ عَلینـا وعَلَـی عبـادِ اللهِ الصَالِحیـنَ.

لـەدوا ڕکاتـی هـەر نوێژێکیـش لـە پـاش سـڵاو نـاردن (**التحیـات**) و گـەواهیـدان، ئـەم نزایـە دەخوێنیـت:

اللهمَّ صلِّ علی محمَّدٍ وعلـی آلِهِ, کَما صلَّیـتَ علـی إبراهیـمَ وعلـی آل إبراهیـمَ. وبـارِكْ علـی محمَّـدٍ وعلـی آلِـهِ, کَمـا بارَکْـتَ علـی إبراهیـمَ وعلـی آل إبراهیـمَ, فـي العالَمِیـنَ, إنَّـكَ حمیـدٌ مجیـد. ربَّنـا آتِنـا فـي الدُّنیـا حَسَـنَةً وفـي الآخِـرَةِ حَسَـنةً, وقِنـا عـذَابَ النَّـارِ.

پاشان سڵاوی لای ڕاست دەدەیتەوە و دەڵێیت: (**السّلامُ عَلیْکُمْ و رحمةُالله و بَرَکاته**).

دواتر سڵاوی لای ڕاست دەدەیتەوە و دەڵێت: (**السّلامُ عَلیْکُمْ و رحمةُالله و بَرَکاته**).





زانیاری:

١ - نوێژی بەیانیـــان دوو ڕکاتە.

٢ - نوێژی نیـــوەڕۆ چوار ڕکاتە.

٣ - نوێژی ئێوارە ( عەسر) چــوار ڕکــاتە.

٤ - نوێژی ڕۆژئاوا بوون (مەغـــریب) سێ ڕکاتە.

٥ - نوێژی خەوتنان چوار ڕکاتە.

**ڕاهێنان:**

**ئـ - نیشـانەی ( ✔ ) بەرامبـەر دەسـتەواژەی ڕاسـت و نیشـانەی ( ✖ ) بەرامبـەر دەسـتەواژەی هەڵـە دابنـێ. هەڵەکانیـش ڕاسـت بکـەوە.**

١ - موسڵمان ڕۆژانە چوارجار نوێژ دەکات. ( )

٢ -لەهەردوو ڕکاتی یەکەم و کۆتای نوێژ سڵاو (التحیات) دەنێرین. ( )

٣ - لە هەموو ڕکاتەکانی نوێژ سورەتی (الفاتحة) دەخوێندرێت. ( )

**ب - ئەم بۆشاییانە بە وشەی گونجاو پڕبکەوە:**

دەبێـت نوێـژ لـە شـوێنی.................. بکـەی، ڕو بکەیتـە .................. کـە دەکەوێتـە شـاری ..................و ڕوگـەی...................، ئینجـا نییەتـی ئـەو نوێـژە دێنیـت کـە دەیکەیـت و دەڵێـت ......................

**نزا: بخوێنەوە و پاشان بینوسەوە:**

- خودایە وەك چۆن ڕوخسارت جوان کردووم، ڕەوشتیشم جوان بکە.

..................................................

..................................................

..................................................

# وانەی سێزدەیەم

## هاوکاری خاوەن پێداویستی تایبەت

کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، بەشێکن لە کۆمەڵ، بۆیە ئاینی ئیسلام پەیڕەوانی هاندەدات یارمەتی ئەو کەسانە بدەن و لەگەڵیان نەرم و بەبەزەیی و بەسۆز بن، چونکە ئەوە ئەرکێکی ئاینییە و ئاینی ئیسلام هەمو خەڵك و بەتایبەتیی موسڵمانان هاندەدات بۆ چاکە کردن بە هەمو شێوەکانیەوە. پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: ( **اللهُ فِي عَونِ العَبدِ, مادام العبدُ في عونِ أخيه** ) واتە: **خودا هاوکاریی بەندەی خۆیەتی، گەر ئەو بەندەیە هاوکاریی برای خۆی بێت.**

دەبێت موسڵمان هاوکاریی برایانی خۆی بکات، کاتێك پێویستیان بە یارمەتی بێت، دەستی ونبوان بگرێت و ڕێی ڕاستیان نیشان بدات، بۆ ئەو شوێنەی کە دەیانەوێت بۆی بچن و یارمەتیان بدات، هەروەها دەستی نابینایان بگرن و لە پەڕینەوەی شەقام یارمەتیان بدەن.

**ڕاهێنان:**

**ئـ - نیشانەی ( ✔ ) بەرامبەر دەستەواژەی ڕاست و نیشانەی ( ✘ ) بەرامبەر دەستەواژەی هەڵە دابنێ. هەڵەکانیش ڕاست بکەوە.**

١ - لەگەڵ ئاژەڵان دەبێت بەسۆز بین. ( )

٢ - هاوکاری کەسوکارمان دەکەین. ( )

٣ - گاڵتە بەکەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکەین. ( )

٤ - سۆزداری لەگەڵ لێقەوماوان دەردەبڕین. ( )

٥ - بایەخ بە ئازاری کەسانی تر نادەین. ( )

**ب -ئەم وتەیە سێ جار بنوسەوە:**

-یارمەتیدانی کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت ئەرکێکی ئاینی و مرۆییە.

..........................................................

..........................................................

..........................................................



# وانەی چواردەیەم

## چیرۆکی فیل سوارەکان

ئەبرەهەی کوڕی سەباح یەکێک لە فەرماندەکانی نەجاشی پاشای حەبەشە بوو لە وڵاتی یەمەن، بینی خەڵك لە ڕۆژانێکی دیاریکراودا خۆ ئامادە دەکەن و دەچنە شاری مەککە، بۆیە کلێسایەکی لە شاری سەنعا دروست کرد و ناوی لێ نا (القلیس)، بۆ ئەوەی عەرەبەکان لە حەجدا بچنە ئەوێ: پیاوێك ئەم باسەی بیست هەستا بە شەو چووە ناو کلێساکە و ڕوگەکەی پیسکرد، ئەبرەهە گوتی: کێ وێرایەتی ئەم کارە بکات؟ پێیان گوت عەرەبێك وایکردوە، ئەبرەهە سوێندی خوارد هێرش بکاتە سەر کەعبە بۆ ئەوەی بیرووخێنێت.

داوایکرد لە نەجاشی فیلەکەی بۆ بنێرێت، نەجاشی فیلەکەی بۆ نارد و ئەبرەهەش بەڕێ کەوت بۆ مەککە، عەرەبەکان ئەم هەواڵەیان بیست بۆیە خۆیان ئامادەکرد بۆ بە گژداچوون و بەرگریکردن، بەڵام نەیانتوانی هێرشەکە ڕابگرن و ئەبرەهە شکستی پێهێنان.

سوپای ئەبرەهە مەڕ و ماڵاتی خەڵکی بەتاڵان برد ئەوە بوو دوو سەد حوشتری (عەبدولموتەلیب) ی باپیری پێغەمبەرمان (د.خ) بەتاڵان برد.

ئەبرەهە پیاوێکی لە هۆزی (حمیەری) نارد بۆ لای خەڵکی مەککە و پێی گوت: بە گەورەکەیان بڵێ من بۆ جەنگ نەهاتووم تەنها بۆ ڕوخاندنی (بەیت) واتە: کەعبە. هاتوم، پیاوەکە چووە لای عەبدولموتەلیب ئەمەی پێ ڕاگەیاند، عەبدولموتەلیب گوتی: توانای شەڕی ئەومان نییە بۆیە ڕێ لەو کارە ناگرین کە بۆی هاتووە، چونکە ئەمە ماڵی خودا و پێغەمبەر ئیبراهیمە، خۆی دەیپارێزێت. ئەبرەهە فەرمانی بە سوپاکەی دا هێرش بەرن بۆ ڕوخاندنی کەعبە.



خودا سوپای ئەبرەهەی لەناو برد.
ئەبرەهەی توشی نەخۆشییەك كرد  بە نەخۆشیەكە مرد.
خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لە سورەتی (الفیل) باسی چیرۆكی فیل سوارەكانمان بۆ دەكات.
لەم چیرۆكەدا بۆمان دەردەكەوێت، كە ستەمكار هەرچەندە بەهێز بێت، خودای گەورە ناهێڵێت جەور و ستەمی تا، سەر بێت و لەناوی دەبات و ستەم لێكراوان سەردەخات.

**پرس:**

١- ئەو كڵێسایەی ئەبرەهە دروستیكرد ناوی چیبوو ؟

٢- ئەبرەهە ئەو كڵێسایەی بۆچی دروستكرد؟

٣- بۆچی ئەبرەهە ویستی كەعبە بروخێنێت؟

٤- ئەبرەهە لە ڕوخاندنی كەعبەدا سەركەوت یان نا؟

**زانیارییەك:**

ئەو ساڵەی ئەبرەهە ویستی كەعبە بروخێنێت بە ساڵی فیل ناسرا، لەو ساڵەشدا بوو كە پێغەمبەرمان محەمەد (د.خ) لەدایك بوو.

سورەتی (الفیل):

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ (١) أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ (٢) وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ
(٣) تَرْمِيهِمْ بِحِجَارَةٍ مِنْ سِجِّيلٍ (٤) فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَأْكُولٍ (٥)

**ڕاڤە:**

ئەی پێغەمبەر نەتزانیوە خودا چی كرد بە خاوەن فیلەكان؟ ئایە سەری لێنەشێواندن و پیلان و نەخشەكانیانی پوچەڵ نەكردەوە؟ پۆل پۆل باڵندەی نارده سەریان و بە بەردێك وەك خشتی سورەوەكراو، بەرد بارانیان بكەن، سەرئەنجام وەك پوش وپەڵاش و كای خوراوی لێكردن.

# وانەی پازدەیەم

## لەناوە پیرۆزەکانی خودا

**الرَّحيمُ:** دلۆڤان و بە بەزەییە، بۆ گشت بەندەکانی.

**الوهَّابُ:** بەخشین و بەخششی بێسنورە، بۆ بەندەکانی.

**الرّزاقُ:** ڕۆزیدەری گشت بونەوەرێکە.

**الفتّـاحُ:** دەروازەکانی خێر و خۆشی، بۆ بەندەکانی دەخاتە سەر پشت.

**چالاکی:**

ئـ - سێ جار ئەم ناوە پیرۆزانەی خودا بنووسەوە:

**العَـليمُ، الرَّحيمُ، الوهَّابُ، الرّزاقُ، الفتّـاحُ، العَـليمُ.**

............، ............، ............، ............، ............، ............

............، ............، ............، ............، ............، ............

............، ............، ............، ............، ............، ............

**ب - سێ جار ئەم نزایە بنوسەوە:**

خودایە لەم دونیایە تەندروست و دورە بەڵام بکە، و لەدوارۆژیشدا بمخەرە بەهەشت.

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................



# وانەی شازدەیەم

## هاوکاری لە چاکەکاری

دوای ئەوەی ئەرکەکانی قوتابخانەیان بەجێهێنا، ساکار بە سۆرانی گوت:با بچین یاریبکەین.

**سۆران گوتی:** من هێشتا کارم ماوە، دەبێت باخچەکەیماڵەوەمان پاك بکەمەوە و پاشان دێم بۆ یاری کردن.

**باران گوتی:** ئەگەر پێکەوە باخچەی خاوێن بکەینەوە، کارەکە زوتر تەواو دەبێت و دەچین بۆ یاریکردن، هەر سێ هاورێ پێکەوە دەست بەکاربوون و بە ماوەیەکی کورت کارەکەیان تەواو کرد.

**سۆران:** سوپاس هاورێیان بۆ ئەم هاوکارییە.

**ساکار:** جگە لە یاریکردن، پێویستە هاوکاری یەکتری بکەین، لە کاری چاکە و خاوێنی و ڕاستگۆیی، ئەمانەن ئاکاری مرۆڤی باش و چاکەخواز.

بۆیە هەرسێکیان پێکەوە باخچەی ماڵی سۆرانیان خاوێنکردەوە، سۆرانیش سوپاسی ئەو دوو هاورێیەی کرد. باوکی سوپاسیکردن و گوتی: بزانن خودای گەورە، چی فەرموە دەربارەی هاوکاری:

**( وَتَعاوَنوا عَلَى البِرِّ والتَّقوى ... ) المائدة ٢.**

**واتە:** ئێوە لەناو خۆتاندا لە چاکەکردن و خواپەرستی هاوکاریی یەکتری بن. پێغەمبەریشمان (د.خ) هەمیشە هاوکاریی هاوەڵانی دەکرد.

سۆرانیش گوتی: ئیبراهیمی هاورێم ڕۆژێك لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ ماڵەوە کەسێکی نابینای بینی، هێندەی نەمابوو بکەوێتە چاڵێکەوە، دەست بەجێ بەپیریەوە چوو و دەستی گرت و بە وشەی جوان سڵاوی لێکرد و پەڕاندییەوە و ڕزگاری کرد و پیاوەکەش نزای خێر و سوپاسی کرد.



**ڕاهێنان:**

ئـ - وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١ - بۆچی سۆران گوتی دواتر دێم بۆ یاریکردن؟

٢ - بۆچی هەرسێ هاوڕێ زو کارەکەیان بەجێهێنا؟

٣ - هۆی چی بوو ساکار هاوکاری سۆرانی کرد؟

٤ - ئایە پاککردنەوەی باخچەکە کارێکی باش بوو؟ بە پێی ئەم ئایەتە: (وَتَعاوَنوا عَلى البِرِّ والتَّقوى) ؟

٥ - گەر ئەو هاوڕێیانە هاوکاریی یەکتریان نەکردایە، کاتی یاریکردنیان بۆ فەراهەم دەبوو؟

ب - نیشانەی (✔) بەرامبەر دەستەواژەی ڕاست و نیشانەی (✖) بەرامبەر دەستەواژەی هەڵە دابنێ. هەڵەکانیش ڕاست بکەوە.

١- هاوکاری کارێکی چاکە. (   )

٢ - بەئاگا نەبوون لە زیان دەمانپارێزێت. (   )

٣ - یارمەتیدانیی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت کارێکی مرۆڤانەیە. (   )

٤ - هاوکاریی لە کاری چاکە سودی بۆ کەس نییە. (   )

**چالاکی:**

هەر قوتابییەك ئاماژە بە کارێك بکات، کە بە هاوکاری لەگەڵ باوکی، یان دایکی، یان برا و خوشکی، یان هاوڕێکەی کردوویەتی.



# وانەی حەڤدەیەم

# سورەتی (الفلق)

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ (١) مِن شَرِّ مَا خَلَقَ (٢) وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ (٣) وَمِن شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ (٤)
وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ (٥)

**ڕاڤە:**

پەنادەگرم بە خودا، لە شەڕ و بەدکاری هەمو بەدیهاتوان و لە شەڕی تاریکی زۆر، هەروەها لە بەدی و زیانی جادوکەران، کە فو بەگرێدراودا دەکەن، بۆ فریودانی مرۆڤەکان، لە شەڕی ئەو کەسەی ئیرەیی دەبات، لەو کاتەی ئیرەیی دەبات.



**ڕاهێنان:**

ئەم بۆشاییانە بە وشەی گونجاو پڕکەوە:

- پەنادەگرم بـە................، لـە شـەڕ و.................، هەمـو بەدیهاتـوان و هەروەهـا لـە شـەڕی ................. زۆر و هەروەها لە بەدی و زیانـی ................. کـە فـو................. دەکـەن، بۆ فریودانی مرۆڤەکان.

**نزا**

خودایە بمانپارێزە لە بەدکاران و ئیرەیی بەران.



وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا

## ناوەرۆك


| وانە | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| | پێشەکی | ٣ |
| وانەی یەکەم | سڵاوکردن | ٥ |
| وانەی دووەم | پاراستنی موڵکی گشتی | ٧ - ٨ |
| وانەی سێیەم | گرنگی زانست و فێربوون | ٩ - ١١ |
| وانەی چوارەم | پاکوخاوێنی | ١٢ - ١٣ |
| وانەی پێنجەم | چەند ئاکارێکی پێویست بۆ قوتابی ژیر | ١٤ |
| وانەی شەشەم | چیرۆکی سەوزە فرۆش و کوڕەکەی | ١٥ - ١٦ |
| وانەی حەوتەم | وشەی جوان و باش | ١٧ - ١٨ |
| وانەی هەشتەم | کردەوەی چاك | ١٩ - ٢٠ |
| وانەی نۆیەم | شاناز و خوشکە زیرەکەکەی | ٢١ - ٢٢ |
| وانەی دەیەم | چیرۆکی بانگدان | ٢٣ - ٢٥ |
| وانەی یازدەیەم | دەستنوێژ | ٢٦ - ٢٩ |
| وانەی دوازدەیەم | کردەوەکانی پەیوەست بە نوێژ | ٣٠ - ٣٣ |
| وانەی سێزدەیەم | هاوکاریی خاوەن پێداویستی تایبەت | ٣٤ - ٣٥ |
| وانەی چواردەیەم | چیرۆکی فیل سوارەکان | ٣٦ - ٣٧ |
| وانەی پازدەیەم | لەناوە پیرۆزەکانی خودا | ٣٨ |
| وانەی شازدەیەم | هاوکاری | ٣٩ - ٤٠ |
| وانەی حەڤدەیەم | سورەتی (الفلق) | ٤١ -٤٢ |
| | ناوەرۆك | ٤٤ |